
# فاتح شێخ:

## لە هەر کوێ قازانجی ئەمپریالیستەکان خواستبێتی، سیاسەتی جیاکردنەوە بە مەبەستی چکۆلە کردنەوەی وڵاتانی نەیاری خۆیان لە ئەجێندایاندا بووە

**فاتح شێخ ناوێکی دیاری نێو بزووتنەوەی چەپی ئێران و رۆژهەڵاتی کوردستانە و خودان بیروبۆچوونی تایبەتیە لەمەڕ رووداوە سیاسییەکانی سەر گۆرەپانی رۆژهەڵاتی ناوین، فاتح سەرەتا بە شیعر دەستی پێکردووە بەناوی (چاوە) زۆرێک لە شیعرەکانی کراونەتە سروود بەڵام وەک خۆی دەڵێت خۆشبەختانە زوو وازم لێهێناوە. ساڵانێک لەنێو حزبی کۆمۆنیستی کارگەریی ئێران (کۆمەڵە) چالاکی نواندووە ئێستاش بەرپرسی مەکتەبی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کارگەری (حیکمەتیستە). بۆ گفتوگۆ لەمەڕ رووداوەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەوەی ئەمرۆ لە عێراق روودەدات ئەم دیمانەیەم لەگەڵ بەڕێزیاندا ساز کرد.**

**دیمانە: نامق هەورامی**
namqhawramy@hotmail.com



*** ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەراستا سیاسەتی سەربازی لەبری هێزی دیبلۆماسییەت بەکار دێنێت، ئێستە ئەوە بوەتە قەیرانێکی گەورە بۆ ئەمریکا وبەرەو فەشەلی دەبات،پێشتر جەنەراڵێکی سەربازی وەک کۆڵن پاوەڵ و ئێستاش خانمێکی وەک کۆندالیزا رایس کە زۆرتر میلیتاریانە بیر دەکاتەوە نەک وەک دیبلۆماتکارێک ،ئەمەش فاکتەرێکی گرنگی ئەو قەیرانەیە کە ئەمریکای تێکەوتووە ،هێزی دیبلۆماسی یان دیبلۆماسیەتی هێز کامیان بەکەڵکی ئەمریکا دێن لەم بارودۆخەدا هەڵیان بژێرێت؟**

فاتح شێخ: قەیران و بەرەوفەشەلچوونی ستراتێژی میلیتاریستی ئەمریکا لە عێراق، راستیەکی ئاشکرایە کە عالەم باسی دەکات. شکستی سەرۆک بووش و حیزبەکەی لە هەڵبژاردندا، ئاکامی فەشەلیان لە عێراقدا بوو. دەسەڵاتدارانی ئەمریکا، بە ئیدارە و بە کۆمارخواز و دێمۆکراتەوە، بە دوای رێگایەکدا بۆ دەرباز بوون لەو قەیرانە وێڵن و هێشتاش لەسەر شتێکی روون ساغ نەبوونەتەوە. گرووپی بەیکر- هەمیلتن و راپۆرتەکەی بەڵگەیەکی ئاشکرای ئەم فەشەلهێنانەیە و هاوکات هەوڵدانێکە بۆ چارەسەر کردنی. بەڵام راپۆرتی بەیکر- هەمیلتن، لەجیاتی رێ نیشاندەر بێ، خۆی بوەتە سەربار و سەرێشەی زیاتر و قەیرانەکەی قووڵتر

کردوەتەوە. بە شوێن بڵاوبوونەوەی ئەو راپۆرتەدا سەرلێشێواوییەک بە زەقی بە روخساری رابەری سیاسی ئەمریکا و هاوپەیمانانیەوە دیارە. ناتوانن دوو هەنگاو ئەولاتری جێ پێی ئێستایان ببینن. باریان وەها لێ ئاڵۆزاوە کە بووش تەرجیحی دا لایەنی ئێحتیات بەر نەدات و راگەیاندنی "ستراتیژی نوێ"ی خۆی بۆ عێراق، تا دوای پشووی سەری ساڵ و دەسبەکار بوونی دێمۆکراتە سەرکەوتوەکان دوا بخات. ئەو "ستراتیژی نوێیەش کە سەرەنجام رایگەیاند، بە پێچەوانەی عینوانەکەی، لە ئاستی ئاڵگۆڕێکی ستراتیژیکدا نیە، کۆمەڵێک قەرارات و ئیجرائات و ئیتیجاهاتە لە چوارچێوەی هەمان ستراتیژی میلیتاریستی کۆنی فاشیلدا لەگەڵ چەن خاڵێک لە راسپاردەکانی گرووپی بەیکر- هەمیلتن وەک گۆڕینی دەستوور و ئیهمالی فیدراڵی و شتی تر کە دواتر دێمەوە سەر باسیان.

فەشەلهێنان و سەرلێشێواوی گشتگری ئەمریکا و هاوپەیمانانی، بۆشاییەکی لە ئاستی سیاسەتی جیهان و رۆژهەڵاتی ناوەراستدا پێکهێناوە و بواری بۆ زۆرێک رەوت و لایەنی جۆراوجۆر کردوەتەوە کە ئەڵتەرنەتیڤی خۆیان بێننە مەیدان و هێزی پێ کۆ بکەنەوە. بەمەش لە ئاکامدا کێشەکان بەرینتر و قووڵتر دەبنەوە.

لە ئاستی جیهاندا یەکیەتی ئۆرووپا، لە ئێستادا بەتایبەت تەوەری فەرەنسا - ئیتالیا - ئەسپانیا، هەروەها رووسیا و چین خەریکن خەتی خۆیان لە مەداری ستراتیژی ئەمریکا دوورتر دەخەنەوە و هەوڵ دەدەن بۆشایی حاسڵ لە قەیرانی ستراتیژی ئەمریکا پڕ بکەنەوە. جگە لە جموجووڵی تازەی فەرەنسا و ئیتالیا لە لوبنان و فەلەستین، بووش پێشنیاری ئانجێلا مێرکڵ سەرۆک وەزیری ئەڵمانیای بۆ دەسبەکار کردنەوەی لوجنەی چوارلایەنە (ئەمریکا، ئۆرووپا، رووسیا، UN) لەسەر کێشەی فەلەستین قبووڵ کرد. ئەوێک کە چوار ساڵە بە خەیاڵە یەکلایەنە پرۆژەی "رۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورە"! بەرێتە پێش، ئێستا ناچارە ئۆرووپا و رووسیا لە کێشەی فەلەستیندا بەشدار بکات و هەرچەن هێشتا بەشدار کردنیانی لە کێشەی لوبنان و عێراقدا رەت کردوەتەوە بەڵام دواتر لەوانەیە ناچار بێ ئەوەش قبووڵ بکات. ئەمە حاسڵێکی تری قەیرانی ستراتیژی ئەمریکایە و گرفت ئەوەیە کە بەمەش کێشەکان چارەسەر نابن، ئاڵۆزتر دەبن.

لە رۆژهەڵاتی ناوەراست، لە لایەک سەربزواندنی بەهەڵپەی ریزەکانی ئیسلامی سیاسی دەبیندرێ، لە کۆماری ئیسلامی ئیران و القاعدە و گرووپە میایشیاکانی عێراقەوە تا حیزبوڵڵای لوبنان و حەماس، لەولاش وەخۆکەوتنەوەی رەوتی جۆربەجۆری ناسیۆنالیزمی عەرەب و دەوڵەتە عەرەبەکان، کە هەرتک لای ئەم جموجووڵانەش مۆری بەرزەخ و بۆشایی سیاسی ئێستای پێوەیە.

سەرجەم ئەم دیاردانە دەوڵەت لەوە دەکەن کە قەیرانی ستراتیژی ئەمریکا ئاڵوگۆڕێکی جیهانی گرنگ بەدوای خۆیدا دێنێ، هەر لە ئێستاشەوە پێوە دیارە کە دەبێتە خاڵێکی وەرچەرخان و سەرەتای کۆتایی سەردەمێک کە بە شەڕی ١٩٩١ی خەلیج دەستی پێ کردوە. ئەمە بەو مانایە نیە کە چاوەروان بین وەزعەکە باشتر بێ، زۆر لەوانەیە کە بۆ ماوەیەک لەمەش کە هەیە خرابتر بێ.

بەڵام ئەم ئاستە لە باس و وردبوونەوە هێشتا هەر ئاستی فەکت و دیاردە رۆژانەکانە کە بینینیان بۆ هەموان ئاسانە و رەنگە تا رادەیەکیش چونیەک بێ. گرنگتر بینین و تێگەیشتنی ئەو رەوەندە بنەرەتی و بەردەوامانەیە کە لە پشتەوەی دیاردەکانن و رەوتی رووداوەکان دیاری دەکەن. لەم ئاستەدا ئیتر را و بۆچوونەکان زۆر لێک جیا دەبنەوە. بۆ وێنە را و بۆچوونی من لەگەڵ زۆربەی ئەوانەی تا ئێستا لە میدیای کوردی زمان دیومن جیاوازە. بۆیە داوا لە خوێنەران دەکەم بە کراوەیی سەرنجی بۆچوونە جیاجیاکان بدەن. ئەوەی ئەم رۆژانە پێویستە پێ چەقاندن لەسەر قەناعەتەکانی پێشوو نیە، کراوەیی و سەرلەنوێ هەڵسەنگاندنەوەی قەناعەتەکانە بەپێی تایبەتمەندی هەلومەرجە تازەکان. لە کوردستان ئەوەی زۆر پێویستە پێداچوونەوەی رخنەگرانەیە بە ئەزموونی شانزە ساڵ دەسەڵات و کێشەی دەسەڵاتی دوو حیزبی سەرەکی کوردایەتیدا، لە بەر رۆشنایی هەڵوێست و سیاسەتی ئێستایاندا بەرامبەر بەو ئاڵوگۆڕانە کە لە عێراق و ناوچە و جیهاندا بەدی دەکرێ. بەتایبەت نەوەی نوێ، گەنجان و خوێندکاران، کە بە شەوق و وردبینی بۆ وەڵامی ئەو پرسیارانە دەگەرێن کە زەینیان دەورۆژێنێ، جێی خۆیەتی بەرامبەر بە روانگە باوەکان، بایەخ بە روانگەی رادیکاڵ و مارکسیست بدەن بۆ لێکدانەوە و تێگەیشتنی ئەو ئاڵۆزییانە کە میلیتاریزمی ئەمریکا بۆ جیهان و ناوچەکە و عێراق و کوردستانی

**ئەمریکا، وەک وڵاتێکی ئەمپریالیستی گەورە و پێشکەوتوو لە باری سەرمایە و تەکنۆلۆژیەوە لەم سەردەمەدا پێویستی بەوەیە و دەیەوێ کە سەرکردایەتی خۆی بە زۆری چەک بەسەر باقی جیهاندا بسەپێنێ**

**بە هەموو حیسابێک دوو ساڵی داهاتوو چارونووسی ستراتێژی میلیتاریستی ئەمریکا لە جیهان و دەسەڵاتی کۆمارخوازان لە ناوخۆی ئەمریکادا دیاری دەکات**

**سەرچاوەی کێشەی کورد لەوەدایە کە دەیان ساڵە رژێمە سەرەرۆکان لە تورکیا و ئێران و عێراق و سووریا، یەک لە دوای یەک**

ناوەتەوە.

ستراتێژی ئەمریکا بەدوای رووخانی سۆڤیەت و نەمانی سیستەمی دوو بلۆکی جیهانیدا، لەسەر بناغەی میلیتاریزم و شەرئەنگێزی بینا کراوە، نەک هەر بۆ رۆژهەلاتی ناوەراست بەڵکوو بۆ جیهان بەگشتی. لە چوارچێوەی ئەم ستراتێژیەدا، سیاسەتی سەربازی بەردەوام جڵەوی دیپلۆماسی بەدەستەوە گرتوە و بەسەریدا زاڵ بوە. بۆ ئەمریکا دیپلۆماسی بەشێکە لە شەر و لە ستراتێژی میلیتاریستی (لە ژێر ناوی: "زەربەی پێشگیرانە"دا pre-emptive strike . بەتایبەت لەم ساڵانەی دواتردا دیپلۆماسی بۆ ئەمریکا قەت ئەڵتەرنەتیڤی سیاسەتی سەربازی نەبوە بەڵکوو پەیرەو و تەواوکەری بوە. لە زۆربەی کێشمەکێشەکاندا، ئەمریکا هەتا بۆی لوابێ دەستی بۆ دیپلۆماسی و رێگای سیاسی نەبردوە.

پیشانگای هەرە زەقی ئەم ستراتێژیە، شانۆی خوێناوی عێراقە. ئەمریکا گوێی نەدایە دژایەتی یەکپارچەی ئەنجومەنی ئاسایش، گوێی نەدایە بەرینترین ئێعتیراز و نارەزایی مێژووی بەشەر لە پانزەی شوباتی٢٠٠٣دا، پشتی لە سەرجەم رێگا سیاسیەکان هەڵکرد و هێرشی سەربازی هەڵبژارد. ئەو کارەش ئەم کارەساتەی لێ کەوتوەتەوە کە عالەم دەیبینێ: ماڵوێران کردن و خەڵتانی خوێن کردنی جەماوەری بەرینی خەڵک، بووژاندنەوەی ئیسلامی سیاسی و ناسیۆنالیزمی عەرەب، چاندنی تۆوی چەند بەرەکی مەزهەبی و قەومی و رق و شەر و کوشتاری بێ ئەوپەر، لە ئەنجامیشدا ئەو قەیرانە کە خۆی و هاوپەیمانانی تا ئەژنۆ تێیّ چەقیون!

ئەنجومەنی ئاسایش و سەرجەم سیستەمێک کە پێی دەڵێن "کۆمەڵگای نێودەوڵەتی"! تا ئەو کاتە بۆ ئەمریکا جێی ریزە کە هەرچی ئەو قەراری لەسەر داوە بۆی مۆر بکا. زۆر جار بۆی کردوە. هەر جارێکیش نەیکردبێ، ئەمریکا گوێی نەداوەتێ و لەسەر کرداری میلیتاریستی خۆی پێی چەقاندوە. بەمەش گەلێک گیروگرفت و سیناریۆی خویناوی لەملاولای دونیا خولقاندوە.

هۆی هەڵبژاردنی ستراتێژی میلیتاریستی لە لایەن ئەمریکاوە چیە؟ ئەم ستراتێژیە، سەربەخۆ لە قویکەی سەرشانی ژەنەراڵ کۆلین پاوڵ و بیرکردنەوەی میلیتاریانەی کۆندۆلیزا رایس و کاراکتەری شەخسی بووش و مەیلی فیکری نئۆکۆنسێرڤاتیڤەکان، بەرهەمی پێویستی ئەم سەردەمەی بورژوازی ئەمریکایە بۆ ئەوەی بالادەستی خۆی بەسەر دونیادا بسەپێنێ. مەبەست دەسبەسەرا گرتنی زۆرترین بەش لە سەروەت و سامانی حاسڵ لە چەوسانەوەی چینی جیهانی کرێکارە، بۆ خۆی، لە رکابەری لەگەڵ رەقیبە جیهانیەکانیدا کە بریتین لە: یەکیەتی ئەورووپا و رووسیا و ژاپۆن و چین و هیند و لە پلەی خوارتردا چەن بلۆکێکی ناوچەیی وەک کۆماری ئیسلامی و ئیسلامی سیاسی لە رۆژهەلاتی ناوەراست و ولاتانێک لە ئەمریکای لاتین.

ئەمریکا، وەک ولاتێکی ئەمپریالیستی گەورە و پێشکەوتو لە باری سەرمایە و تەکنۆلۆژیەوە، لەم سەردەمەدا پێویستی بەوەیە و دەیەوێ کە سەرکردایەتی خۆی بە زۆری چەک بەسەر باقی جیهاندا بسەپێنێ. بۆچی بە زۆری چەک؟ چونکە ناتوانێ بە یارمەتی بالادەستی ئابووری خۆی، ئەو سەرکردایەتیە بەسەر رەقیبەکانیدا دابین بکا. دەمێکە ئابووری ئەمریکا لە هی بەشێکی زۆر لە رەقیبەکانی لەدواترە. بەلام هێزی سەربازیی لە سەرووی هەموویانەوەیە. ئەمریکا دەیەوێ بە زەبری خاڵی بەهێزی سەربازی، خاڵی لاوازی ئابووریە بەجێماوەکەی قەرەبوو بکاتەوە و بالادەستی خۆی بسەپێنێ، بەشکەم بتوانێ لە خیلالی دە - بیست ساڵدا بە یارمەتی بالادەستی سەربازی سەرەنجام بالادەستی ئابووریش دەس بخاتەوە.

**خەڵکی ناوچە کوردنشینەکانیان داوەتە بەر ستەم و سەرکوت و کوشتار و کۆمەڵکوژی و قەت رۆژێک لە رۆژان لە کۆمەڵگادا وەک هاوولاتی یەکسان چاویان لێ نەکردوون**

دوای رووخانی سۆڤیەت و نەمانی سیستەمی دوو بلۆکی جیهانی، بۆشاییەک لە سەرووترین ئاستی دەسەلات لە دونیادا پێک هات. لە سەردەمی بالاترین ئاستی جیهانی بوونی ئابووری سەرمایەداریدا، کە هەر رووداوێکی گرنگ لە هەر شوێنێکی دونیا کار دەکاتە سەر ئابووری و سیاسەتی باقی دونیا، بۆشایی دەسەلات رێی بەندە و دەسبەجێ بانگی هێزێکی گەورە دەکات وەلامی پێ بداتەوە و پری بکاتەوە، ئەو کاتوساتە جگە لە ئەمریکا هیچ هێزێک ئامادە نەبوو ئەو بۆشاییە پر بکاتەوە. لە جەنگەڵستانی ململانەی دەسەلات لە سیستەمی سەرمایەداریدا، بورژوازی و دەوڵەتی ئەمریکا (بە کۆمارخواز و دیمۆکراتەوە) بە مافی بێ گەزافی خۆیان دەزانی کە پاش نەمانی سۆڤیەت، ئەمریکا ببێتە تاقەسواری تاقانەی دونیا و هەوڵ بدا ئارایشی سیاسی و نێودەوڵەتی سەرانسەری دونیا بە پێوەری قازانج و بەرژەوەندی خۆی دابرێژێتەوە، بەجۆرێک کە تێیدا سەروەری و بالادەستی سیاسی و سەربازی

دەوڵەتی ئەمریکا و لە ئەنجامیشدا باڵادەستی ئابووری بورژوازی ئەمریکا، هەتاهەتا بەرهەم بێتەوە و تەئمین بکرێ. ئەم ستراتیژیە ناو نرا "نەزمی نوێی جیهانی" و سەرەتاش زۆربەی دەوڵەتە ئەمپریالیستەکان ئەم دەوری سەرکردایەتیەیان بۆ ئەمریکا سەلماند، بە پێی ئەو قەناعەتە کە ئەگەرنا تێکە و لێکەی جیهانی و کەس لە کەسی بێ سنوور، پەراوپەری دونیا دادەگرێ.

## جیابوونەوە ئەڵبەت شەرت نیە کە حەتمەن چەوسانەوە کەمتر بکات و زەمینەی ئازادی فراوانتر!



دواتر لە لایەک دەرکەوت کە بۆ ئەمریکا، ئەو ستراتیژیە میلیتاریستییە بەو جۆرە کە بیری لێ دەکردەوە ناچێتە پێش، لەو لاشەوە رەقیبە جیهانیەکانی رۆژ بۆ رۆژ دەهاتنە پێشتر. ئەم دوو رەوتە باڵانسەکەیان گۆری و وایان کرد کە رەقیبەکان چیتر مل بە سەرکردایەتی تاقانەی ئەمریکا نەدەن و لە سەرکردایەتی سیاسی و سەربازی جیهان و لە ئارایشی نێودەوڵەتیدا داوای بەشی زۆرتر بکەن. دژایەتی هەموو دەوڵەتە گەورەکان (جگە لە بەریتانیا) بەرامبەر بە پلانی ئەمریکا بۆ شەر لە عێراق، خاڵێکی وەرچەرخان بوو لە گۆرانی باڵانس لە ناو دەسەڵاتە ئەمپریالیستەکاندا و لە پرۆسەی شەرەنگێزی ئەمریکادا بۆ داسەپاندنی باڵادەستی خۆی. رەقیبان و موخالیفانی سەرکردایەتی تاقانەی ئەمریکا، وتیان فەرموو بە بێ مۆری ئێمە شەری عێراق بکە، با بزانین بە کوێ دەگەی!

ئێستا ستراتیژی میلیتاریستی ئەمریکا (بە رابەری نئۆکۆنسێرڤاتیڤەکان) لە بونبوستێکی کوشەندە چەقیوە. لە ئاکامدا سەرجەم رەقیبە جیهانی و ناوچەییەکانی سەریان بەرز کردوەتەوە و هەست دەکەن نۆرەیان هاتوە گورزی خۆیان بوەشێنن، بەشی زۆرتر بۆ خۆیان بەدەس بێنن و بەرژەوەندی جیاوازی خۆیان بچەسپێنن. لە ناوخۆی ئەمریکاشدا دێموکراتەکان لە پاڵا ئەوەدا کە هەوڵ دەدەن قازانجی گشتی ئەمریکا بپارێزن و رێگا بۆ دەرباز بوونی هێزەکانیان لە عێراق بدۆزنەوە (راپۆرتی بەیکر- هەمیلتن)، لە درێژەی سەرکەوتنیان لە هەڵبژاردنی ئەخیردا هەوڵ دەدەن پۆستی سەرۆکایەتیش لە چنگ کۆمارخوازان دەر بێنن. هەرتک ئەمانەش دەبێ شانبەشان لە پرۆسەیەکی کەمتر لە دوو ساڵدا بچنە پێش.

بە هەموو حیسابێک دوو ساڵی داهاتوو چارونووسی ستراتیژی میلیتاریستی ئەمریکا لە جیهان و دەسەڵاتی کۆمارخوازان لە ناوخۆی ئەمریکادا دیاری دەکات. بووش چ دەکات؟ بووش چلۆن رامسفیلدی کردە قوربانی بۆ سووک کردنی باری بونبەستە سەربازیەکەی، ئەمجارەش بە گۆرینی جان ئەبی زێد و جۆرج کەیسی و خەلیلزاد و بە قبووڵی برێک لە پێشنیارەکانی گرووپی بەیکر- هەمیلتن وا دەنوێنێ کە خەریکە "ئاڵوگۆر" پێک دێنێ! لە هەمانکاتدا هەوڵ دەدات بە ناردنی بیست و یەک و نیو هەزار سەربازی تر جۆرێک لە "سەرکەوتن" بۆ ستراتیژی میلیتاریستی تۆمار بکا. ئەم پلانەی دەسبەجێ لە لایەن دێموکراتەکانەوە بە توندی رەت کراوەتەوە.

ئەوەی بووش دەیەوێ چی بکا شتێکە و راستیەکان چی بەسەردا دەسەپێنن شتێکی ترە. لە دوو ساڵی داهاتوودا فشار لەسەر بووش تادێ قورستر دەبێ. ئیختیاری ئیدارەی ئەمریکا وەک جاران هەر سیاسەتی سەریازیە و دیپلۆماسیش هەر لە خزمەت میلیتاریزمدا دەبێ، بەمەش وەزعی عێراق و قەیرانی ئەمریکاش تادێ خرابتر دەبێ. لەوانەیە فشاری راستییەکان ئەمریکا ناچار بکا مل بە هیندێ رێگای سیاسی بدا. ئەمە بەتایبەت بۆ ئیسرائیل، هاوپەیمانی ژمارە یەکی ئەمریکا لە ناوچە، کە شەری لوبنانی دۆراندوە و لە درێژەدانی کوشتار و داگیرکاری لە فەلەستینیش خێری نەدیوە، زۆرتر چاوەروان دەکرێ. بەڵام وا پێ دەچێ کە سەرجەمی قەیرانەکە ساڵی داهاتووش هەر بەرینتر و ئاڵۆزتر دەبێتەوە.

* ئەمریکا لەپاش شۆرشی گەلانی ئێران واتە نزیکەی ٢٧

**لە هەر یەک لەو وڵاتانە کە کێشەی کوردی تێدایە، ڕێگا بە دانیشتوانی ناوچە کوردنشینەکان بدرێ کە لە ڕێفراندۆمێکی ئازاددا دەنگ بدەن کە ئاخۆ دەیانەوێ لەو وڵاتە جیا ببنەوە و دەوڵەتێکی سەربەخۆ پێک بێنن، یا وەک هاووڵاتیانی خاوەن مافی یەکسان، لە چوارچێوەی ئەو وڵاتە و ئەو دەوڵەتەدا بمێننەوە.**

ساڵە نەیتوانیوە شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ ئێراندا بدۆزێتەوە، کە لەسیاسەتدا بەرژەوەندییەکان لە ئایدۆلۆژیا گەورەترن، لەبەرامبەردا ئێران لە جیهانی ئیسلامیدا توانی ڕێگەی گەشەسەندنی دیموکراسییەت بگرێت وەک ئەوەی لە پاکستان و ئەفغانستان و ئێران و لوبنان و زۆر جێگەی تردا ئەو کارە بکات و بەمەش دیموکراسییەتی ئەمریکا لە ناوچەکەدا شکستی هێنا ، بۆچونتان لەو بارەیەوە؟

فاتح شێخ: گرفتی ستراتیژی و سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بە ئێرانی پاش شۆڕشی ١٩٧٩، زۆر واوەتر و درێژماوەتر و جەوهەریترە لەوە کە بە ئاسانی بۆی چارەسەر بکرێ. گرفتەکە لەوێدایە کە ئەمریکا و باقی دەوڵەتە گەورەکانی ڕۆژئاوا، کاتێک بۆیان دەرکەوت کە ڕژێمی شا پێشی شۆڕشی جەماوەری پێ ناگیرێ و رووخانی مسۆگەرە، لە کۆنفرانسە بەدناوبانگەکەی "گوادیلۆپ" بریاریان دا کە بۆ پێشگرتن لە هاتنەسەرکاری حوکمێکی شۆڕشگێر و چەپ، دەس بدەنە ژێربالّی خومەینی و ڕەوتی ئیسلامی. ئەمە ستراتیژی و سیاسەتی ئەمریکا و سەرجەم ئەمپریالیزمی ڕۆژئاوا بوو بەرامبەر بە سۆڤیەت. ئەوەندەش لە ئارایشی ئەوکاتی ئۆپۆزیسیۆنی ڕژێمی شا و هێزە سیاسیەکانی ساحەی شۆڕشی ئێران بێ ئاگا بوون، نەیانخوێندبوەوە کە خودی سۆڤیەت و "چەپ"ی سەر بە سۆڤیەت هەرتک دەچنە پاڵ خومەینی و هەوڵ دەدەن بارودۆخەکە بە ئاقاری خەتی "دژی ئەمریکا" و "دژی ڕۆژئاوا" و "دژی ئەمپریالیست"دا بەرن کە ئەودەم لە "دونیای سێهەم" باو بوو وە بەپێی هەلومەرجی سەردەمیش سەر بە سۆڤیەت بوو.

تەنیا لە شۆڕشی ئێرانیشدا نەبوو کە ئەمریکا و ڕۆژئاوا بە هۆی دژایەتی کوێرانە لەگەڵ شۆڕش و چەپ و رکابەری ئایدیۆلۆژیک بەرامبەر بە سۆڤیەت، چوونە پاڵ بزووتنەوەی ئیسلامی. لە ئەفغانستانیش ئیسلامیەکانیان بەرامبەر بە سۆڤیەت پرچەک و تەیار کرد، لە فەلەستینیش حەماسیان بەرامبەر بە فەتح و هیزە سیاسیەکانی بزووتنەوەی فەلەستین قوت کردەوە. لە جەزایریش و شوێنی ترش کردیان. سەرجەمی ئەو کارانە، بەتایبەت یارمەتیدانی ئیسلامی سیاسی بۆ گەیشتن بە دەسەڵات لە وڵاتێکی گرنگ و ستراتیژیکی وەک ئێراندا، بۆچوونێکی هەرە چەوتی "جەنگی سارد"ی بوو کە لەوانەیە لە ڕوانگەی خۆیانەوە وەک تاکتیکی کاتی و سیاسەتی ڕۆژ چاویان لێ کردبێ، بەڵام دەرکەوت کە چەند ئاسان بوو دەرگای قوتوولەی مار و دووپشک بکەنەوە، داخستنەوەی سەدان قات سەخڵەت و لە ئیمکان بەدەر بوو. ئیسلامی سیاسیان لە دژی چەپ و ئازادیخوازی عیلمانی، بەهێز کرد و بەریان دایە گیانی کۆمەڵگا، دواتر لێیان بوو بە ڕەقیب و ئەوەتا ئێستاکە داوای بەشە دەسەڵات و بەشە تاڵانیان لێ دەکات و نە دەتوانن باشاری بکەن، نە تەنانەت بۆیان کۆنترۆڵ دەکرێ. لە عێراقیش هەر تووشی ئەو ئاکامە ئەستەمە هاتوون.

بەڵام ئەمە کە دەڵێی: "لە بەرامبەردا ئێران لە جیهانی ئیسلامیدا توانی ڕێگەی گەشەسەندنی دێموکراسییەت بگرێت بەمەش دێموکراسییەتی ئەمریکا لە ناوچەکەدا شکستی هێنا"، جێگای قسەیە. ئەگەر مەبەستت لە دێموکراسی "هەڵبژاردن"ەکانی ڕژێمی ئیسلامیە، ئەو کارە بەدەر لە پەردەپۆشی ئیستیبداد و سەرەڕۆیی و سەرکوت و کۆنەپەرستی هیچی تر نیە. ڕژێمی ئیسلامی ڕۆژ و شەو لە بواری سیاسی و فەرهەنگی و گوزەران و هەستان و دانیشتندا پێشی هەناسەدانی ئازادانەی خەڵکی گرتوە، کۆمۆنیستەکانی کۆمەڵکوژ کردوە، ژنانی لە هاووڵاتی پلە سێ خوارتر و بێمافتر کردوە. ئینجا بە خەڵک دەڵێ هەڵبژاردنە وەرن "دەنگ" بدەن! لە دونیای واقیعدا بە زۆری چەک نەبێ و لە پاڵ چەکیشدا بە زەبری مێشک شوشتنەوە نەبێ، هیچ هاووڵاتیەک ئەمرۆ ئەم جۆرە هەڵبژاردن و دەنگدانە بە "ماف" حیساب ناکات!

**بە ڕێژەی سەرووی ٩٨٪ دەنگیان بۆ سەربەخۆیی داوە. ئەم ڕێژە باڵایە بە شێوەیەکی ڕەمزیش بووبێ نیشانی داوە کە هەڵوێستی جەماوەر و هەڵوێستی ئەحزابی دەسەڵاتدار لە مەسەلەی سەربەخۆیی، لێک دوورن**

لە ئێرانی ژێر حوکمی ڕژێمی ئیسلامیدا و لە عێراق و پاکستان و ئەفغانستان و زۆر شوێنی دونیادا بە هەڵبژاردنی لەم چەشنە دەڵێن دێموکراسی! دیاری دێموکراسی ئەمریکاش بۆ "ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە" لەمە زیاتر نیە. بۆیە ئەمریکا بە کایەی "دێموکراسی" ناتوانێ بەرنگاری کۆماری ئیسلامی

بێتەوە. ئەو سیناریۆ خوێناوییەش کە لە عێراق لە سێبەری شەر و داگیرکاریدا بەرپایە و پێی دەڵێن "پرۆسەی دیموکراسی" هەر عەینی شتە. ئەم بێمافیە شیاوی خەڵکی شەریف و ئازادیخواز نیە و هەرگیز بەو بیچمە دیموکراسیە دڵ خۆش ناکەن! خەڵکی ئازادیخواز ناچارن بۆ گەیشتن بە ئازادی و مافی ئینسانی شیاوی خۆیان، لەسەر تێکۆشانی خۆیان بە رێچکەی پێچەوانەی ئەو پرۆسەیەدا سوور بن.

*** دوای روخانی دیواری بەرلین هەوکێشەکان گۆران و چەمکی (جیاکردنەوە باشترین رێگەچارەیە بۆ حەلی کێشە ئێتنیکییەکان) و ئەمەش لە بۆسنیاو یوغوسلافیا سەرکەوتوبو ، بۆ کێشەی کوردیش وای نابینن کە کورد ئەگەر لە عەرەب و فارس و تورک جیابێتەوە رەنگە چەوسانەوە کەمترو زەمینەی ئازادی فراوانتر بێت؟**

فاتح شێخ: پێشتریش لە هەر کوێ قازانجی ئەمپریالیستەکان خواستبێتی، سیاسەتی جیاکردنەوە بە مەبەستی چکۆلە کردنەوەی وڵاتانی نەیاری خۆیان لە ئەجێندایاندا بوە. بەپێچەوانەش لە هەر کوێ قازانجیان نەیخواستبێ دژایەتی هەموو جوولانەوەیەکی مافخوازانەیان کردوە و بە گورزی "جودایی خوازی" بەرنگاری بوونەتەوە. نموونەش کەیسی کێشەی کوردە لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەراست کە نە ئەمریکا و نە باقی دەوڵەتانی ئەمپریالیست، قەت دانیان نەناوە بە مافی خەڵکی ناوچە کوردنشینەکانی ئەو وڵاتانە دا بۆ دیاریکردنی چارەنووسی سیاسی خۆیان.

جگە لەوە، با روون بێ، کێشەی کورد کێشەیەکی سیاسیە، کێشەی ئێتنیک نیە. ئەم کێشەیە لەسەر ئەوە نیە کە گوایە "کورد" دەیەوێ لە "عەرەب و فارس و تورک" جیابێتەوە بۆ ئەوەی "رەنگە چەوسانەوەی کەمترو زەمینەی ئازادی فراوانتر بێت"! سەرچاوەی کێشەی کورد لەوەدایە کە دەیان ساڵە رژێمە سەرەرۆکان لە تورکیا و ئێران و عێراق و سووریا، یەک لە دوای یەک، لە پێناو زاڵ کردنی بێمافی و چەندبەرەکەیی بەسەر چینی کرێکار و کۆمەڵانی خەڵکدا و لە هەڵوێستی ناسیۆنالیزم و شۆڤینیزم و باڵادەستی قەومییەوە خەڵکی ناوچە کوردنشینەکانیان داوەتە بەر ستەم و سەرکوت و کوشتار و کۆمەڵکوژی و قەت رۆژێک لە رۆژان لە کۆمەڵگادا وەک هاووڵاتی یەکسان چاویان لێ نەکردوون. لە روانگەی هەڵوێستی ئازادیخوازانەی چینی کرێکار و کۆمەڵانی خەڵکەوە، وەڵامی کێشەی سیاسی کورد و چارەسەری کارساز و عادیلانەی ئەم کێشەیەش هەر دەبێ وەڵام و چارەسەرێکی سیاسی بێ. لە هەرکام لەو وڵاتانەدا مافی مسۆگەری خەڵکی ناوچە کوردنشینەکانە کە لە رێفراندۆمێکی ئازاددا دەنگ بدەن بەوە کە ئایا دەیانەوێ جیا ببنەوە و دەوڵەتی سەربەخۆ پێک بێنن یا دەیانەوێ وەک هاووڵاتیانی خاوەن مافی یەکسان لە چوارچێوەی ئەو وڵاتە و ئەو دەوڵەتەدا بمێننەوە و هاوژینی دڵخوازانە هەڵبژێرن. جیابوونەوە ئەڵبەت شەرت نیە کە حەتمەن چەوسانەوە کەمتر بکات و زەمینەی ئازادی فراوانتر! جیابوونەوە تەنیا یەک کێشە چارەسەر دەکات: کێشەی میللی، کە مانای پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆیە و بەس! ئەو دەوڵەتە سەربەخۆیەش بە پێی خەسڵەت و بەرژەوەندی چینایەتی خۆی دەتوانێ زەمینەی ئازادی فراوانتر بکات یا نەکات، چەوسانەوە کەمتر بکاتەوە یا نەکاتەوە. بەڵام جیابوونەوە و پێکهێنانی دەوڵەتی یا مانەوە بە مەرجی زەمانەتی یەکسانی ماف لەگەڵ باقی هاووڵاتیان، لانی کەم ئەو خەڵکە لە چنگ یەک جۆر ستەم و بێمافی رزگار دەکات: کە ئیتر بە بۆنە و بیانووی "کوردزمان" بوونەوە، ناکەونە ژێر ستەم و سەرکوت و کوشتار و کۆمەڵکوژی. ئەمەش هەنگاوێکی سیاسی گەورەیە بەرەوپێش.

*** لە وتاریکدا راڵف پیتەرس بەناوی Blood Boarder داوای کوردستانێکی سەربەخۆ دەکات ئێوە ئەم مەسەلەیە چۆن دەبینن؟**

فاتح شێخ: ئاگادار نیم راڵف پیتەرس چی وتوە و چۆن داوای کوردستانێکی سەربەخۆی کردوە. لە هەر حاڵدا ئەمە باسێکی سیاسیە، راستەوخۆ لە هیچ ئایدیۆلۆژی و ئامانج و ئارەزوویەک نایەتە دەر بەڵکوو دەبێ لەگەڵ هەلومەرجی سیاسی موشەخەس تێهەڵکێش بکرێ. بەم پێیە کاتێک کەسێک باسی "کوردستانێکی سەربەخۆ" دەکات دەبێ بە موشەخەسی بە وڵاتێک و سەردەمێک و هەلومەرجێکی سیاسی دیاریکراوەوە رەبتی بدات. کەوایە زۆر تەبیعییە کە ئەم باسە تەعبیری جۆراوجۆری لێ بکرێ. تەنانەت لە ناو ریزی ئەحزاب و شەخسیاتی سیاسی ناسیۆنالیزمی کورددا کە هەمیشە خۆیان بە کێشەی کوردەوە پێناسە کردوە و هەرکام خۆیان بە تاقە خاوەنی تەبیعی و تاقە وەدیهێنەری ئامانجی"کوردستانێکی سەربەخۆ" لە قەڵەم دەدەن، چەندەها دیدگا و را و بۆچوونی جیاواز لەسەر کوردستانی سەربەخۆ یا پرۆسەی

**بۆ کوردستانی عێراق، لایەنگری دەنگدان بە جیابوونەوەشم. چونکە لام وایە لە شانزە ساڵی رابردوودا کوردستانی عێراق بە کردەوە لە عێراق دابڕاوە و بوەتە کۆمەڵگایەکی تەواو جیاواز. ئەم رەوتی جیاوازییە**

وەدیهاتنی، وجوودی هەیە.

من کۆمۆنیستم و بۆ چارەسەر کردنی کێشەی کورد، وەک پێشتریش باسم کرد، ئەوەم پێ باشە کە **لە هەر یەک لەو وڵاتانە کە کێشەی کوردی تێدایە، ڕێگا بە دانیشتوانی ناوچە کوردنشینەکان بدرێ کە لە ڕێفراندۆمێکی ئازاددا دەنگ بدەن کە ئاخۆ دەیانەوێ لەو وڵاتە جیا ببنەوە و دەوڵەتێکی سەربەخۆ پێک بێنن، یا وەک هاووڵاتیانی خاوەن مافی یەکسان، لە چوارچێوەی ئەو وڵاتە و ئەو دەوڵەتەدا بمێننەوە.** بەمجۆرە دیارە دەنگی زۆربەی ئەو خەڵکە دەبیرێتەوە کە لە ڕێفراندۆمەکەدا بەشدارییان کردوە. ئاکامی دەنگدان دەبێ بەرەسمی بناسرێ و بەرامبەر بە هەر چەشنە تەعەدایەکی ئێحتیمالی لە لایەن دەوڵەتی ناوەندی یا دەوڵەتانی دراوسێوە دیفاعی لێ بکرێ. دیسانیش دیارە کە لە هەر هەلومەرجێکی سیاسی موشەخەسدا ئەحزاب و کەسایەتیە سیاسیەکان، بە خەڵک دەڵێن کە دەنگ بە جیابوونەوە بدەن یا بە مانەوە. ئەمە هەڵوێستێکی سیاسیە و راستەوخۆ لە ئایدیۆلۆژی هەڵناهێنجرێ.

ئێستا لە کوردستانی عێراق هەر دوو حیزبی دەسەڵاتدار لەگەڵ ئەوەشدا کە را دەگەیەنن کە سەربەخۆیی بە مافی خەڵکی کوردستان دەزانن، بەڵام لە حاڵی حازردا جیابوونەوە بە موناسیب نازانن و هەڵیان نەبژاردوە. ئەمە هەڵوێستێکی سیاسیە و دەکرێ لەگەڵی بی یا لەدژی بی. لە هەمانکاتدا بەشداربووانی ئەو ڕێفراندۆمە نارەسمیە کە لە پەراوێزی "هەڵبژاردن"ی ساڵی پاردا بەرێوە چوو، بە ڕێژەی سەرووی ٩٨ ٪ دەنگیان بۆ سەربەخۆیی داوە. ئەم ڕێژە باڵایە بە شێوەیەکی رەمزیش بووبێ نیشانی داوە کە هەڵوێستی جەماوەر و هەڵوێستی ئەحزابی دەسەڵاتدار لە مەسەلەی سەربەخۆیی، لێک دوورن. ئەم لێک دوور بوونی هەڵوێستە بێگومان مانایەکی تری نیە جگە لە دوور بوونی قازانجی واقیعی جەماوەر لە قازانج واقیعی ئەحزابی دەسەڵاتدار لە مەسەلەی سەربەخۆییدا. هەر ئەمەش هۆی ئەوەیە کە سەرەرای ئیمزای نزیک بە دوو ملیۆن هاووڵاتی بۆ پشتیوانی لە ڕێفراندۆم و سەربەخۆیی، ئەحزابی دەسەڵاتدار تا ئێستا نەچوونەتە پای ڕێفراندۆم، لەحاڵێکدا کە ڕێفراندۆم و راپرسی تاقە ڕێگای ئاسایی و یاسایی و بەرەسمی ناسراوە لە ئاستی جیهانیدا بۆ چارەسەری کێشەی میللی وەک کێشەی کورد. هەروەک لەم ساڵانەشدا لە لایەن UN ەوە لە تیمووری ڕۆژهەڵات بەرێوە برا و لە ئەنجامی دەنگدانی زۆربەدا سەربەخۆیی ئەو وڵاتە بەدی هات.

بۆ کوردستانی عێراق، من لەگەڵ ئەوەدام کە دەسبەجێ ڕێفراندۆم بکرێ و لایەنگری دەنگدان بە جیابوونەوەشم. چونکە لام وایە لە شانزە ساڵی رابردوودا کوردستانی عێراق بە کردەوە لە عێراق دابراوە و بوەتە کۆمەڵگایەکی تەواو جیاواز. ئەم رەوتی جیاوازییە لە پاش جەنگ و داگیرکاری ئەمریکا و رووخانی رژێمی بەعسیشدا، رووی لە کزی نەناوە **بەڵکو هەتا هاتوە بەرینتر و قووڵتر بوەتەوە.** تایبەتمەندیەکان و جیاوازیەکانی کوردستانی عێراق لە چاو باقی ناوچەکانی عێراق، لە بوارەکانی ئابووری و سیاسی و ئیداری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیدا هەر لە زیاتر بووندایە. لکاندنەوەی هەرێمی کوردستان بە حکوومەتی بێ سەرەو بەرەی بەغداوە، بە بێ پرس بە دانیشتوانی ئەم کۆمەڵگایە و بە پێچەوانەی ویست و ئیرادەیان، هەڵەیەکی سیاسی گەورە و غەدرێکی زۆر ئاشکرا بوو، زۆریش روون بوو کە سەرکەوتن بەدەس ناهێنێ. دوای ئەم ئەزموونە سەرنەکەوتوە و دوای راپۆرتی بەیکر- هەمیلتۆن، زۆرتریش روونە کە رەسمیەت پێدانی ئەم سەربەخۆییە دیفاکتۆیە لە ڕێگای ڕێفراندۆمەوە، هەم ڕێگاچارەیەکی واقیعی ء کارساز و عادیلانەیە و هەم ویستی جەماوەری فراوانی خەڵکی کوردستانە.

بۆ کوردستانی ئێرانیش ڕێفراندۆم لە ناوچە کوردنشینەکان بە ڕێگاچارەی واقیعی ء کارساز و عادیلانە دەزانم و لە حاڵی حازردا لایەنگری دەنگدان بە جیابوونەوە نیم، چونکە ڕێفراندۆم تەنیا لە حاڵەتی لاچوون یا بەرەو لاچوونی رژێمی ئیسلامیدا جێبەجێ دەکرێ، لەو حاڵەتەدا ئەگەر مافی یەکسان وەک باقی هاووڵاتیان لە لایەن دەوڵەتی مەرکەزیەوە بۆ دانیشتوانی ناوچە کوردنشینەکان گەرەنتی بکرا (کە دەبێ هەوڵی تەواوی بۆ بدرێ) مانەوە لە چوارچێوەی ئەو وڵاتەدا و هاوژینی لەگەڵ باقی خەڵکی خەڵکی ئێران زیاتر لە جیابوونەوە بە قازانجی خەڵکی ناوچە کوردنشینەکانە. دیارە بە گۆرانی هەلومەرجی سیاسی، لەوانەیە پێویست بکات هەڵوێستی سیاسیم بەرامبەر بە دەنگدان بە جیابوونەوە یا مانەوە بگۆردرێ. ئەوە شتێکی جیاوازە.

بۆ چارەسەری کێشەی کورد لە وڵاتانی تر، جگە لە دیفاعی ئوسوولی لە مافی ڕێفراندۆم، ئێستا هەڵوێستێکی دیاریکراوم لەسەر جیابوونەوە یا مانەوە نیە و بۆ حاڵی حازریش هەڵوێستی دیاریکراو بە پێویست نازانم. بۆ وێنە جێگای پرسیار و جێگای لێکۆڵینەوەی سیاسی – ژئۆپۆلیتیکی بەدوور لە تەعەسوبی ئایدیۆلۆژیکە کە: ئاخۆ قازانجی درێژخایەنی خەڵکی ناوچە کوردنشینەکانی تورکیا زۆرتر لەوەدایە کە هاووڵاتیانی خاوەن مافی یەکسان بن لە تورکیایەکی ئەندامی یەکیەتی ئۆرووپادا یا لەو وڵاتە جیا ببنەوە و دۆزی دەوڵەتی سەربەخۆ بۆ خۆیان هەڵبژێرن؟ ئەمە بە رای من مەسەلەیەکی کراوەیە.

بەمجۆرە بۆچوونی گشتی من لەسەر "کوردستانێکی سەربەخۆ"، بە تەنیا هەڵوێستی ئایدیۆلۆژیک دیاری ناکرێ و نابرێتەوە. ئەمە مەوزووعێکی سیاسیە و هەڵوێستی سیاسی دەخوازێ، ئەویش بەندە بە هەلومەرجی سیاسی موشەخەسەوە

کە لە هەر وڵاتێک و هەر سەردەمێک، یا بە عام و لە رووی ئوسووڵەوە، چ هەڵوێستێک لەبارەیەوە دەگیرێ.

*** لەپرۆژەی رۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورەدا کە ئەمریکا بانگەشەی بۆ دەکات و ئەوەی لەبەرچاوانە کە لەبری دیموکراتیزەکردنی ناوچەکە دیکتاتۆرییەت و بەرەڵڵایی سیاسی بەرهەم دێت و خودی ئەمریکاش ناتوانێت دەسکاری رەوشەکە بکات چونکە هەر جۆرە دەسکارییەک وادەکات کە سەلەفییەکان جڵەوی دەسەڵات بگرنە دەست وەک ئەوەی لە میسردا بۆ نمونە دەبینرێت کە دەسکاری رژێمی موبارەک ناکرێت لەترسی ئیخوانەکان هەربۆیە ئێستا ئەمریکا بیر لەوەدەکاتەوە لەناوچەکەدا نەدۆرێت نەک بیباتەوە.**

فاتح شێخ: ئەوەندەی پرسیارەکە لەسەر پرۆژەی "رۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورە"یە ئێستا قەزیەکە پێچەوانە بوەتەوە. بووش بیەوێ و نەیەوێ پرۆژەی "رۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورە" چوەتە لاوە. ئەساسی ئەو پرۆژەیە لەسەر ئەو خۆشخەیاڵیە و ئەو وەعدەی بووش دامەزرابوو کە پرۆسەی دێمۆکراسی لە عێراق سەر دەکەوێ و دەبێتە نموونە بۆ باقی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەراست! لە پشت ئەو دروشمە بریقەدارەشەوە، مەبەستی واقیعی لە پرۆژەی رۆژهەڵاتی ناوەراست ئەوە بوو کە هەر دەوڵەتێکی نەیار و ناحەزی ئەمریکا لەو ناوچەیە، وەک دەوڵەتی سەدامی لێ بەسەر دەهێنرێ و "پرۆسەی دێمۆکراسی" لە چەشنی ئەمەی ئێستای عێراقی بەسەردا دەسەپێنرێ!

بووش و ئیدارەکەی بە بیانووی ئەوە کە: رێگای دێمۆکراسی رۆژهەڵاتی ناوەراست بە عێراقدا گوزەر دەکا، مەسەلەی فەلەستینیان بەجارێ وەلا نا و دەستی ئیسرائیلیان بۆ سەرکوت و کوشتاری هەمەرۆژەی خەڵکی فەلەستین ئاواڵە کرد. ئێستا تۆنی بلێری گەورە هاوپەیمانی بووش رێک بە پێچەوانە دەڵێ: رێگاچارەی قەیرانی عێراق لە ناوخۆی عێراق نیە بەڵکو بە رۆژهەڵاتی ناوەراست و بەتایبەتیش بە چارەسەری کێشەی فەلەستیندا گوزەر دەکا! تۆنی بلێر بەرامبەر بە پرۆژەی "رۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورە"ی ئەمریکا، ناوی بیرۆکەی خۆی ناوە: "رۆژهەڵاتی ناوەراست بەگشتی" (TheWhole Middle East) !! ئەڵبەت رەنگە کەس نەزانێ جیاوازی ناوەرۆکی ئەو دوو رستەیە چیە! بەڵام هەمووان دەزانن کە لە سەر عەرزی رەق مانای ئەوەیە "پرۆسەی دێمۆکراسی" لە عێراق فاشیلە و ئەمریکا و بەریتانیا و باقی دەوڵەتانی ئەمپریالیست دەبێ کێشەی فەلەستین ببرنەوە ئەگەرنا ئیسلامی سیاسی لە عێراق و لە رۆژهەڵاتی ناوەراست، جێگایان پێ لێژ دەکات! پرسیار تەنیا ئەوەیە کە ئاخۆ ئیسرائیل بە چارەسەری کێشەکە و قبووڵی دەوڵەتی سەربەخۆی خاوەن مافی کامل بۆ فەلەستین رازی دەبێ یان نا ؟

لە حاڵی حازردا بەداخەوە **چارەنووسی رۆژهەڵاتی ناوەراست لە بازنەی خوێناوی شەری ئەمریکا و ئیسرائیل لەگەڵ ئیسلامی سیاسیدا دەخولێتەوە.** لەم بەرزەخ و بۆشاییە سیاسیەدا رەوتی جۆربەجۆری ناسیۆنالیزمی عەرەب و دەوڵەتە عەرەبەکانیش وەخۆکەوتوونەتەوە بەڵام ناسیۆنالیزمی عەرەب و دەوڵەتە عەرەبەکان ئەوەندە گەندەڵ و کۆنەپەرست و سەر بە ئەمپریالیست و تێکەڵ بە ئیسلامن کە زەحمەتە بتوانن وەک ئەڵتەرنەتیڤێک بەرامبەر بە ئیسلامی سیاسی بۆ گۆرینی وەزعەکە بە قودرەتەوە ئیبراز بن. رۆژهەڵاتی ناوەراست لەم قۆناغەدا بۆ ئەوەی لەو بازنە خوێناویە دەرباز بێ پێویستی بە ئیبراز بوونی تەوژمێکی سیاسی کۆمەڵایەتی رادیکاڵ و قودرەتمەندە لە کۆمۆنیزم و چەپ و عیلمانیەت و ئازادیخوازی و لایەنگری لە یەکسانی ژن و پیاو.

ستراتیژی رژێمی ئیسلامی ئێران و سەرجەم تەیارەکانی بزووتنەوەی ئیسلامی سیاسی، ئەوەیە لە هەنگاوی یەکەمدا بەسەر عێراقدا زاڵ بن و جێ بە ئەمریکا لێژ کەن، دواتر بە حوکمی زاڵ بوونیان بەسەر دوو وڵاتی ستراتیژیکی ناوچەکەدا گشت رۆژهەڵاتی ناوەراست بکەنە پێگەی خۆیان، ببنە هێزێک لە هاوکێشی جیهاندا، ئایدیۆلۆژی و سیاسەت و فەرهەنگی ئیسلامی بکەنە بەشێک لە سەرخانی ئایدیۆلۆژیک سیاسی دونیای هاوچەرخ و خۆشیان ببنە جەمسەرێکی بەهێزی ئەو دونیایە. ئەمە ستراتیژیەکی واقیعی نیە. موجازەفاتی رەوتێکی کۆنەپەرست و گەندەڵە و حاسڵی لۆمپەنیزمێکە لە کۆمەڵگای سەرمایەداری گلۆباڵی ئەمرۆدا کە لە سێبەر و زەلکاوی میلیتاریزم و کۆنەپەرستی سیاسی و گەندەڵی پارازیتانەی ئەمپریالیزمی سەردەمدا پەروباڵ و مەجالی پەلوەشاندنی پەیدا کردوە. ئەمریکا وەک زلهێزی یەکەمی ئەمپریالیزمی پاش رووخانی سۆڤیەت، بەردەوام بە میلیتاریزم و کۆنەپەرستی سیاسی و گەندەڵی پارازیتانەی خۆی، کۆنەپەرستی و گەندەڵی و لۆمپەنیزمی ئیسلامی بەرهەم دێنێتەوە، بۆیە قەت ناتوانێ بە دەستی خۆی ریشەکێشی بکات. بەمجۆرە کۆنەپەرستی و تیرۆریزم و ئاڤانتووریزمی سەرجەم بزووتنەوەی ئیسلامی سیاسی بە هەموو رەوتەکانیەوە، دەتوانی دوارۆژی رۆژهەڵاتی ناوەراست لە سەدەی بیست و یەکدا بەرەو دوا، بەرەو بەربەرییەتێکی رووت و گۆمی خوێنێکی ئەوپەرنادیار بکێشێتە دواوە.

لێرەوەیە کە من دەڵێم کۆمۆنیزمێکی کۆمەڵایەتی و بەرپرس، کۆمۆنیزمی چینی کرێکاری هاوچەرخ کە بە حوکمی جێگاورێگای ئۆبژێکتیڤی خۆی وجوودێکی گلۆباڵ و پێشکەوتوو و ئازادیخواز و دژبە سەرمایە و دژبە ئیمپریالیزم و دژبەدینە، لە مەیداندایە و لە توانایدا هەیە کە لە دوو وڵاتی ئێران و عێراق ببێتە بەدیلی دەسەڵاتی میلیتاریستی و گەندەڵی ئیمپریالیزم و ببێتە لەمپەر و رووخێنەری کۆنەپەرستی

و گەندەڵی و لۆمپەنیزمی ئیسلامی و بیخاتە هەزیمەت و ریشەکێشی بکات.

بە دوور لە پرۆپاگەندە و بە حوكمی لێكدانەوەی كۆمەڵایەتی و سیاسی ئۆبژێكتیڤ، رام وایە كۆمۆنیزم و چەپ و ئازادیخوازی و عیلمانیەت و حەرەكەی یەكسانیخوازی ژن و پیاو لە ئێران و عێراق، لە جەنگەی ئاڵوگۆڕی سیاسی پرگوروتاوی ئەم دوو وڵاتەدا توانای ئەوەیان هەیە كە بە یەكگرتوو كردن و هێنانە مەیدانی ریزی كۆمەڵایەتی بەرین و بەهێزی كرێكاران و ژنان و لاوان، دوارۆژێكی باشتر بۆ ئەم بەشە گرنگە لە ژئۆپۆلیتیكی رۆژهەڵاتی ناوەراست وەدی بێنن، ئاسۆی داهاتوویەكی روون بەرووی ئەم ناوچەیەدا بكەنەوە و كۆتایی بە زیاتر لە سەدەیەک دوژمنایەتی بێنن كە بەهۆی كێشە و ململانەی دەوڵەتانی ئەمپریالیست و دەستوپێوەندەكانیان لە لایەک و رەوتە ئیسلامی و ناسیۆنالیستە كۆنەپەرستەكانی ناوچەكە لە لایەكی ترەوە، لە نێوان دانیشتووانی رۆژهەڵاتی ناوەراست و خەڵكانی وڵاتانی پێشكەوتووی رۆژئاوادا پێک هاتوە.

*** لەکوێی ئەم هاوکێشە ئاڵۆزانەدا بارودۆخی عێراق چۆن دەبینن، ئەی سەرکردایەتی سیاسی کوردستان چی بکات باشە؟**

فاتح شێخ: لە پاش رووخانی سۆڤیەتەوە ستراتێژی میلیتاریستی ئەمریكا فاكتەرێكی گرنگ بوە لە هەموو ئاڵوگۆرە جیهانیەكاندا و بەو پێیەش كاریگەری بوە لەسەر ئاڵوگۆرە ناوچەییەكان و تەنانەت ئاڵوگۆری ناوخۆیی وڵاتاندا. كاتێک باس لە بارودۆخی عێراق بێ، پێویستە حیسابێكی تایبەتی تر بۆ كاریگەری ستراتێژی میلیتاریستی ئەمریكا لە هەموو حەڤدە ساڵی رابردوودا بكرێ. لە ئاداری ..... بەم لاوە، ئیتر شەر و سیاسەتی ئەمریكا بوەتە فاكتەری ژمارە یەک لە ئاڵوگۆرەكانی ناوخۆی عێراقدا. بەمجۆرە فەشەلهێنانی ستراتێژی میلیتاریستی ئەمریكا لە عێراق، ئەمرۆ سەرەكی ترین فاكتەری بارودۆخی عێراقە.

راگەیاندنی سەرۆک بووش لە ١١ی مانگدا كورتەیەک لە دوا هەوڵەكانیە بۆ نەجاتی ستراتێژی میلیتاریستی ئەمریكا. ئەویش وەک گرووپی بەیكر- هەمیلتن، دانی بە فەشەلهێنانی پرۆژەكەیان لە عێراقدا ناوە. بەڵام هەروەک چاوەروان دەكرا هەر پێ لەسەر درێژەپێدانی ئەو ستراتێژیە میلیتاریستیە دادەگرێ و وەعد دەدا كە بە هەر جۆرێک بێ سەركەوتنێكی بۆ دەستەبەر دەكات! بەڵام ئاشكرایە كە هەلومەرج بۆ سەركەوتنی پرۆژەی ئەمریكا لە عێراق زۆرلە جاران دژوارتر و نالەبارترە! نە ناردنی هێزی سەربازی زیاتر و نە فشار و هەرەشە لەسەر مالیكی دادی نەجاتی ئەمریكا لە گێژاوی عێراق نادات. شكستی "ستراتێژی نوێ"ی بووش، هەر لە ئێستاوە دیارە. باری گرانی ئەم شكستەش وەک هەمیشە راستەوخۆ بەسەر خەڵكدا دەشكێتەوە و ئەمن و ئاسوودەییان بۆ ناهێڵێتەوە. ئێستا لە عێراق لە چەندین جەبهەدا شەر و تیرۆر و شەری ناوخۆیی شانبەشان لەئارادایە و نیشانەیەكیش لە هێور بوونەوەیان بەدی ناكرێ. تەنانەت زۆر ریی تێ دەچێ لە پاڵ شەری سێكتە ئیسلامیەكاندا شەری قەومیش (بۆ نموونە لە كەركووک) بقەومێ. سەرباری ئەمانەش شكستی ئەمریكا دەستی كۆماری ئیسلامی ئێرانی بۆ تێكدانی زیاتری ژیان و ئاسایشی خەڵكی عێراق ئاواڵەتر كردوە. هەروەها مەیدان بۆ دەستێوەردانی باقی وڵاتانی دراوسێ بەردەوام زیاد دەكات و بەمەش وەزعەكە ئاڵۆزتر دەبێ.

ئیشارەی سەرۆک بووش بە پێویستی ئیسلاحی دەستوور و ئیهمال كردنی فیدرالی لە قسەكانیدا نیشانەیەكی ترە لە فەشەلی پرۆژەی فیدرالی. لانیكەم لەم بەشەدا راسپاردەكانی گرووپی بەیكر- هەمیلتن لە گوێ گیراون! پێشتریش بێسەمەر مانەوەی سەفەری بەرپرسانی باڵای هەرێمی كوردستان بۆ بەغدا نیشانی دابوو كە **پەیوەندیەكی روون و رەوان لە نێوان هەرێمی كوردستان و حكومەتی بەغدادا نیە و ئەوەندەش كە لە قسەدا هەبێ، لە كردەوەدا كار ناكا. لەراستیدا پرۆژەی لكاندنەوەی كوردستان بە ئیدارەی بەغداوە فەشەلی هێناوە.**
دیارە بە هۆی بێ دەسەڵاتی حكومەتی ناوەندیەوە ئێستا زەمینەی تێكهەڵچوونی سەربازی لە ئارادا نیە. بەڵام گیروگرفتی بوودجە و سووتەمەنی و كارەبا و دەرمان و بۆمبی تەوقیت كراوی مادەی سەدوچل و زۆر شتی تر دەتوانێ كێشەی زۆر و پرمەترسی لێ بوەشێتەوە كە لێرەش، هەروەک دەبینرێ، هەر بەسەر ژیانی جەماوەردا دەتلێتەوە.
ئەم راستییانە بوونەتە هۆی ئەوە كە جارێكی تر مەسەلەی چارەنووسی سیاسی هەرێم لە زەینی خەڵكانێكدا كە هەست بە دڵنیایی لە دوارۆژی سیاسی خۆیان لە چوارچێوەی بارودۆخی مەوجووددا ناكەن، بەرجەستە بوەتەوە. ئەمە سەرلەنوێ تاقیكردنەوەیەک دەنێتەوە بەردەم سەركردایەتی سیاسی هەرێم و هەرتک حیزبی بەشداری دەسەڵات و هەموو حیزب و لایەنێكی سیاسی كە وەڵامی پێ بدەنەوە.
بێگومان لە كاتێكدا عێراق و كوردستان بەناو پرۆسەی ئاڵوگۆری زۆر گرنگ و چارەنووسسازدا تێدەپەرن، لە كاتێكدا سەرۆک بووش ناچارە "ستراتێژی نوێ" دابرێژێ، ئیتر هیچ ستراتێژیەک و هیچ سیاسەتێک و هیچ قەناعەتێكی پیشوو بۆ پشت پێ بەستنی قەتعی نابێ و پێویستە بكەوێتە بەر پێداچوونەوە و لێكدانەوەی تازە. بێگومان سووتەمەنی و كارەبا و خانوو و پاراستنی گوزەران لە گرانی و نەبوونی و هتد هەموو گرنگن، مافی سەرەتایی خەڵكن و لەسەر دەسەڵاتە كە بە تێروتەسەلی دابینیان بكات، یان لانی كەم بەرامبەر بە خەڵک بەردەوام وەڵامدەر بێ. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا و لە سەرووی هەموویانەوە، مافی خەڵكە بۆ دەربرینی ئازادانەی دەنگی خۆیان لەسەر چارەنووسی سیاسی كۆمەڵگاكەیان لە رێفراندۆمێكی ئازاد و چاودێریكراودا.